گوڵان ئامادەیە بە نرخێکی گونجاو و بەجوانترین شێوە ریکلامەکانتان بۆ بڵاوبکاتەوە

پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن 07504567070


# ستایلە تازەکانی قژی لوولە و زەرد







تەسریحە جوانەکان پێویستیان بە چەندین رێگەی جوان و رازاوە هەیە، دەبێ تەسریحەکان بە رێگەی تایبەت ئامادە بکرێ، خانمان دەبێ بزانن چ جۆرە تەسریحەیەك بۆ قژیان دادەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی لوولە و رەنگی زەرد یەکێن لە جوانترین ستایل و رەنگ بۆ قژ. تەسریحەی لوولە لە شێوەی پەرمەنات و کلۆش، جوانترین ستایل دەبەخشن.

دەکرێ لەگەڵ تەسریحەی لوولە رەنگی زەردی زێڕی بەکاربهێنرێ، لە رێگەی ئەو دوو ستایلە، دەتوانین جوانترین شێوەی قژ دروست بکرێن، هەنگاوەکانیش رێگەیان ئاسانە بەرامبەر دانانی ئەو شێوازە لە تەسریحە و رەنگە زەردە لە شێوازێکی تازەی تەسریحە جوانەکان.



# ماسی دیکۆرێکی تایبەتە لە ماڵەکان

ئەرکە قورسەکانی خانمان لە گرنگی دان بە کاروباری ماڵ دەبێت، بە تایبەت کاتێك دیکۆرەکان و لایەنەکانی ماڵ پێویستیان بە جوانی و زیاتر گرنگی دان دەبێت، بەڵام ئەنجامەکان هێمای جوانییەکی کراوە و دیکۆرێکی ناسك لە ماڵەکاندا دەردەکەوێت، یەکێك لە دیکۆرە نا سەرەکییەکان بریتییە لە بوونی حەوزە جوانەکانی ماسی لە ماڵەکان. ماسی وەك گیاندارێکی جوان دەکرێ وەك دیکۆرێك لە ماڵەکاندا کراوەیی و رازانەوە ببەخشێت، بەمەش دەبێت شوێنێکی گونجاوی هەبێت، لەگەڵ پاك راگرتنی جامی حەوزەکە تەنانەت پێویستی بە خاوێن کردنەوەی رۆژانە هەیە بۆ ئەوەی بە جوانی دەربکەوێت.







سالی نوێتان پیرۆز بێت



# بازنگەکان بۆ زیاتر جوانی دەستی خانمان

ئێکسسوارەکان دەبنە جوانییەکی دەرەکی بۆ خانمان، بە تایبەت ئەوانەی بەرچاون و جێگەیەك لە جەستەی خانمان دەگرن، بەمەش دەبێ ئێکسسوارەکان جێگەی جوانی و تایبەتمەندی بن، وەك ئەو بازنگانەی لە دەستدا دەبن و جوانییەکی بەها دەردەخەن. بەهۆی ئەوەی دەستی خانمان وەك بەشێکی سەرەنجراکێشە لە جەستەدا، لەگەڵ بوونی چەند بازنگێکی جوان و تایبەت زیاتر جوانی دەست کراوەتر و رازاوەتر دەکات.

یەکێك لە مۆدە گرنگەکان بریتییە لە بازنگی شێوە و قەبارە گەورەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی لە دوورەوە دەربکەوێ و بە جوانییەکی ناسك لە دەستی خانمان بجوڵێت، لەگەڵ جوانییەکی کراوە و ناسکەکان دەبێ تەنانەت رەنگەکانیش وەك رێگەیەکی تایبەت دەردەکەون. لەگەڵ ئەوەی رەنگەکانیش دەبێ جیاواز و کراوە بن بۆ ئێکسسوارەکان، دەکرێت چەندەها رەنگی تێکەڵ ببێتە رەنگی ئێکسسوارەکانی بازنگ.

# دیکۆری بازنەیی بۆ زەوی ماڵەکان









دیکۆرە جوانەکان بۆ ماڵەکان دەبێ لە شایستە ترین رێگەدا ئامادە و هەڵبژێردرێن، بۆ ئەوەی لە شێوازی کراوە و رازاوە لە سەرتاپای ماڵەکان دەربکەون، یەکێك لە سەرەنجراکێشترین بەشەکانی دیکۆری ماڵ بریتییە لە زەوی ماڵ. یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی جوانی زەوی ماڵ بریتییە لە پاك و خاوێنی، لەگەڵ بوونی دیکۆرێکی سەرەنجراکێش بۆ زەوی ماڵ.

رێگەیەکی تایبەت هەیە بۆ رازاوە کردنی دیکۆری زەوی، ئەویش بە دانانی دیکۆری بازنەیی کە سەرەنجراکێشترین و جوانترین دیکۆرە بۆ ماڵ، ئەمەش لە دوو رێگەدا دەکرێ دابنرێ، یەکێکیان لە رێگەی دیکۆرەکانی کاشی ماڵەکان، یان لە رێگەی دانانی فەرش و رایەخی بچووکی شێوەی بازنەیی. بەمەش دەبێتە جوانترین و ناسکترین دیکۆری زەوی ماڵەکان.


# چاکێتەکان لە مۆدەیەکی جیاواز





جلوبەرگەکانی وەرزی سەرما، جگە لە جوانییەکەی، دەبێ رێگەیەك بێ بۆ خۆ پاراستن لە سەرمای وەرزی زستان، تەنانەت دبێ جلەکان لەگەڵ گشت جۆرە جلوبەرگێکی دیکە رێکبکەون و جوانییەکی کراوە و ناسك نیشان بدەن، چونکە لەم وەرزە جلی زۆر دەپۆشرێت و بەمەش جوانی جەستە دەرناکەوێت. چاکێتە ناسکەکان، یەکێکە لە جلوبەرگێکی تایبەت و کراوە بە جەستەی خانمان، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شیاوی پۆشین بێ، بەمەرجێك چاکێتەکان لەگەڵ مۆدە و جلەکانی دیکەدا بگونجێت، یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی چاکێت، بریتییە لە چاکێتی مل کراوە لە شێوەی ژمارە حەوت (٧). ئەم جۆرە چاکێتە لەگەڵ گشت جلێکی ژوورەوە دەگونجێت وەك: بلووز – قەمیس – بۆدی، بەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی و ناسکی جەستە!


گۆڵان ئامادەیە بە نرخێکی گونجاو و بەجوانترین شێوە ریکلامەکانتان بۆ بڵاوبکاتەوە
پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن 07504567070



## کراسە سەیرەکان بە گلۆپ و فسفۆر

مۆدە سەیرەکان بە جوانترین شێواز دەردەکەون، تەنانەت بە لایەنە سەیرەکان مامەڵە لەگەڵ جلوبەرگەکان دەکەن بۆ ئەوەی بە سەرنجراکێشترین رێگە دەربکەوێت و لەلایەن گشت کەسێك جوان و کراوە بێ، کاتێك بیر لە مۆدەیەك دەکرێتەوە، دەبێ بە ناسکترین شێواز دەربکەوێ، کەچی ئەو جلە یان ئەو کراسە یەکێکە لە تاکترین کراسەکان. شێوەی ئەو کراسە لە گلۆپ و فسفۆر نەخشێنراوە، دەکرێ ئەو کراسە رووناکی هەبێ، دوو جۆرە کراس هەن، یەکێکیان لە فسفۆر نەخشێنراوە، ئەوەی دیکەش گلۆپی بچووکی لەناو کراسەکە دانراوە.

# کورسیەک لە درەخت



بەهرە سەیرەکان لە حاڵەتە جوانەکان دەردەکەون، لەگەڵ ئەو رێگەیانەی بۆ ئەو کارە جوانانە ئامادە دەکرێن، رەنگە لە هەندێك حاڵەتدا کارەکان بە رێگەی کاری دەست ئەنجام بدرێ، وەك ئەو کارە دەستیانەی لەلایەن کەسە بە بەهرەکان ئامادە دەکرێت.

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە سەیرترین کورسییەکان، یان سەیرترین دار! شێوەی ئەو دارە لەسەر شێوەی کورسی دەرکەوتووە، مرۆڤ دەتوانێ لەسەری دانیشێت، بیرۆکەی ئەو کارە لەلایەن (جۆزیف) بوو، ئەوەی لە وێنەکە دەردەکەوێ، لەسەرەتای رواندنی دارەکە، چەند بۆڕییەکی هێنا و لە شێوەی کورسی بوو، بەم جۆرە دارەکە لە نێو بۆڕییەکان رواوە و دواتر بۆڕییەکان شکێنراوە و بۆتە کورسی.

# زەبەلاحترین سەگ

قەبارە و شێوەی گیانداران و مرۆڤ بە دەست خۆیان نییە، کاتێك جەستە گەشە دەکات بەبێ هیچ کاریگەرییەك رێگەی لێناگیرێ، تەنانەت حاڵەتەکان لە دوو لایەن دەبن بە حاڵەتێکی سەیر، کاتێك بچووك یان گەورە دەردەکەون. ئەو حاڵەتەش بریتییە لە دووەم حاڵەت، کە گەورەترین شێوە و قەبارە تۆمار کراوە، ئەوەی دەیبینن سەگێکە و ئەمڕۆ لە گشت جیهان بە گەورەترین و زەبەلاحترین سەگ دادەنرێ. لە وڵاتی بۆلگاریا، کاتێك سەگێك گەشە دەکات، بەبێ وەستان بەرەو گەورەترین شێوە دەردەکەوێ، درێژی دەگاتە نزیکەی (٢) مەتر و بەرزیشی نزیکەی (١) مەتر و نیو دەبێ.







# سەیرترین چارەسەری!
## بەپێ سەر کەوتن بە سەر جەستەی منداڵ

نەریـــەت و لایەنە تایبەتـــەکان بە هەر نەتـــەوە و هۆزێك جیـــاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانـــەی دیکـــەدا، ئەمـــەش بەپێی هەر لایەنێك بەخۆیەوە دەوەستێت. لەلای هۆزێك لە هەرێمێك لە وڵاتی (هیندســـتان)، بیر و بۆچوونێك هەیە دەربارەی پیاوە پیرۆزەکانی ئەو هۆزە، کە پێی ئەو پیاوانە بە بەهرەیە و توانای چاککردنەوە و پێدانی تەندرووستی هەیە بۆ منداڵانی ئەو هۆزە.

ڕێگەی چاککردنەوە و چارەسەرییەکەش لە ڕێگەی بە پێ بەسەر کەوتنی جەستەی منداڵە بچووك و ناسکەکانە، بۆ ئەوەی لە ژێر پێی پیـــاوە پیر و گەورەکانی ئەو هۆزە چارەســـەر و چاکببنەوە، ئەوەی سەیر بێ منداڵەکان هیچیان بەســـەر نایێ لە کاتی سەرکەوتنەکە.

## مارێکی گەورە یەکێکە لە خێزانێک

زۆر هەن حەز بە لایەنێك لە ژیان دەکەن، لەوانە نەوەك لەسەر ئاستی تاکەکان، تەنانەت ئاســـتی خێزان و نەتەوە و کۆمەڵگاکانیش، یەکێك لە ســـەیرترین خێزانێـــك لە جیهان، بریتیین لـــەو خێزانە. ڕەنگـــە خێزان هەبن حەزیان بە گیاندارە خۆماڵییەکان بێ، بەڵام ئەو خێزانە حەزیان بە گیاندارێگە، یەکێکە لـــە ترســـناکترین گیانـــدارەکان. لە وڵاتی مەنگۆلیا، خێزانێك هـــەن ڕۆژانەی ژیانیان لەگەڵ ئەو گەورەترین مارە بەســـەر دەبەن، تەنانەت وەك ئەوەی کەسێك بێ لە ئەندامی خێزانەکانیان، درێژی مارەکەش نزیکەی (٢) مەتـــر و نیو دەبێ، لە کاتـــی نان خواردن و نووستنیش لەگەڵ مارەکە دەخەون.





## درێژترین مرۆڤ بەڕێوەیە



ڕەنگە لەلاتان سەیر بێ ئەو ناونیشانە، بەڵام دەبێ ئەمە وەك لایەنێکی ڕاستەقینە وەربگرین و بۆ ئەوەی درێژترین مرۆڤی جیهان دەستنیشـــان بکرێت. ئەوە کوڕە گەنجە دەبێتە درێژترین مرۆڤی جیهان، بە جۆرێك لە تەمەنێکی بچووکدا خاوەن بـــەژن و باڵایەکی بـــەرزە، بە جۆرێك ژمـــارە پێوانییەکان دەبڕێـــت و دەبێتە درێژترین مرۆڤ لە جیهان.

(ودی هولمز) ئـــەو گەنجە تەمەن (٢٤) ســـاڵیە لە وڵاتی ئوسکوتلەندا دەژیـــێ، دوای ئەوەی بەهۆی شـــەرم نەیدەویســـت خۆی نیشانی دەزگاکانی ڕاگەیانـــدن بکات، بۆیە لـــە دوا جار بڕیاری دا وێنەی خۆی بڵاو بکاتەوە، ئەمـــەش کاتێـــك بە درێـــژی باڵای (٢١٥) ســـەنتیمەتر، واتە دوو مەتر و پانزە ســـەنتیمەتر درێـــژی باڵایەتی، بۆیە دەکرێ نازناوی درێژترین مرۆڤی جیهانی پێببەخشرێت.



سالی نوێتان پیرۆز بێت



# حاڵەتە سەیرەکانی بارەکردن لە ئوتۆمبێل



لە کاتی کارکردن زۆر جار مرۆڤ بیر لە لایەنە خراپەکان یان لایەنە نا یاساییەکان ناکاتەوە، وەك کاتێك هەندێك لە شۆفێرەکان باری ئوتۆمبێلەکانیان بە جۆرێك ئەنجام دەدەن، دوو ئەوەندەی ئوتۆمبێلەکانیان دەبێ و ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە و کارەسات لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەلەکان. لە وڵاتی گانا پیاوێك دەیەوێت زۆرترین دار و بار هەڵبگرێت لە ئوتۆمبێلەکەی، بە شێوەیەك ئەگەر سەیری دیمەنەکە بکەیت، بارەکە دوو ئەوەندەی ئوتۆمبێلەکە دەبێ، هەروەها لە ویلایەتی نیڤادا لە ئەمەریکا، پیاوێك بە مەبەستی گواستنەوەی ماڵەکەی، گشت کەرەستەی ماڵەکەی لەسەر پیکابێکی بچووك هەڵدەگرێت و تا دەگاتە پردێك لەو کاتە ناتوانێت دەرباز ببێ و دەستگیر دەکرێ بەهۆی ئەو کارە سەیرەی ئەنجامی داوە.

# درێژترین سمێڵ و ردێن



یەکێك لە دیاردە سەیر و جوانەکان، بریتییە لە درێژکردنی سمێڵ و ڕدێنی پیاوان، ئەمەش وەك گرنگیدان بەو لایەنە لەلایەن هەندێك لە پیاوان لە وڵاتانی جیهان، ئەمەش وادەکات شێوەکان بە جوانترین و سەیرترین دیمەن دەربکەون و تەنانەت ببێتە هۆکارێك بۆ وەرگرتنی نازناوێکی بەرز لەوەی کێ خاوەن درێژترین سمێڵ و ڕدێنە!

پیاوێکی وڵاتی پاکستان کە ناوی (کوبا)یە، بۆ چەندەها ساڵە توانیویەتی سمێڵ و ردێنی نەتاشێت و بیهێڵێتەوە، بەمەش دوای ئەو ماندوو بوونە، دەبێتە خاوەن نازنازی درێژترین سمێل و ردێن. درێژی سمێڵ و ردێنەکەی بە تێکەڵی دەگاتە نزیکەی (٣) مەتری تەواو، لە سەرەوە بە تۆپێك دەردەکەوێ، بەڵام لە خوارەوە وەك کلکێك دەبینرێت.



# کیسەڵێک کێشی (١٢٠) کیلۆگرامە

کیسەڵ وەك گیانداریکی نەرم و هێمن، شێوەیەکی بچووکی هەیە و، دەتوانێت لەناو وشکانی و ئاودا بژیێ، ئەوەی سەیر بێ لە کیسەڵ قەبارەیەکی بچووك و پشتێکی ڕەقی هەیە. هەردەم کیسەڵەکان بە شێوەیەکی بچووك و قەبارەیەکی نزیك لە مریشکێك دەردەکەوێت.


کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو کیسەڵە بکەین، بە کیسەڵێکی سەیر و گەورە دێتە بەرچاو، ئەمەش کاتێك لە لێواری ویلایەتی هاوای لە ئەمەریکا دۆزراوەتەوە. سەیری ئەو کیسەڵە لە شێوە گەورەکەیەتی، کێشی کیسەڵەکە نزیکەی (١٢٠) کیلۆگرام بوو، ئەمەش کاتێك لەسەر ئامێری کێشان دانرا.





سالی نوێتان پیرۆز بێت

# ماسییش وەرزش دەكات





كاتێك دەگوترێت گیانداری ماسی بە یەكێك لە زیرەكترین گیاندارەكانی ناو ئاو دادەنرێ، زۆر جار ئەو تێڕوانینە بە هەڵە دادەنرا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سووری خوێنی ماسی پێچەوانەی گیاندارەكانی دیكەیە.

دوای ئەوەی لەلایەن گەنجێكی قوتابی لە وڵاتی (بەریتانیا)، توانی ماسییەكان بە سەیرترین ڕێگا ڕاهێنان بكات بۆ ئەوەی خاوەن مێشكێكی تەواو بێ.

ڕاهێنانی (ریتشارد) لەسەر وەرزش كردنی ماسییەكان بوو، توانی ماسییەك فێری یاری باسكە و تۆپی پێ و هۆكی بكات، دواتریش وێنەی ماسییەكە گیرا لە كاتی وەرزش كردنەكە و بەمەش سەلماندی ماسی خاوەن مێشكێكی بەهێزە.

# پیاوی نیوە جەستە




دوای ئەو كارەساتە گەورەیەی بەسەر پیاوێكی چینی دێ كاتێك بەر ئامێرێكی شت بڕین دەكەوێت، بۆیە بڕیاری بڕینەوەی نیوەی خوارەوەی جەستەی دەدەن، یان مردن، پیاوەكەش ڕازی بوو لەسەر بڕینەوەی بەشی خوارەوەی جەستەی، دواتر نەشتەرگەری بۆ كرا نیوەی جەستەی لێكرایەوە.

كاتێك مرۆڤ تووشی كارەساتی لەم جۆرە دەبێتەوە، دەبێ هیوای بە ژیان بمێنێت و بەردەوام بێ، وەك: (شیۆنگ لینگ) ئەو پیاوەیە ئێستا نیوەی جەستەی نییە، كەچی بە ڕێگەی كەرەستەی دیكە دەتوانێت بڕوات و جووڵە بكات. ئەمەش دەبێتە دووەم حاڵەت لە جیهان بۆ ئەو مرۆڤانەی نیوەی جەستەیان نەبێ.



# تیشێرتە سەیر و جوانەكان

كاتێك گرنگی بە مۆدەكان دەدرێت، چەندەها مۆدە و ستایلی سەیر دەردەكەون، یەكێك لە سەیرترین ئەو دوو مۆدانە بریتییە لەم دوو بلووزەی دەبینرێ، تەنانەت نەوەك جێگەی سەرسوڕمانییە، بەڵكو جێگەی دانانی خەڵاتێكە بۆ ئەو كەسەی ئەو جۆرە كارانە دەكات، ئینجا خەڵاتەكان بە باش و خراپ بێ. بلووزی یەكەم بریتییە لە شێوەی جەستەی پیاو، واتە ئەگەر كەسێك ئەو بلووزە لەبەر بكات، لە دوورەوە یان لە نزیكیش وادەردەكەوێ، كە هیچی لەبەر نییە و بەبێ جلوبەرگە. بلووزی دووەمیش بریتییە لە تیشێرتێك، لە پێشەوەی نووسراوە ( خوشك بۆ فرۆشتە). لە ژێرەوەش نووسراوە (هەروەها دەكرێ خوشك بگۆڕدرێتەوە بە پێڵاو) !










# جوانترین منداڵ!

یەکێك لە سەیرترین مۆدە جوان و سەیرەکان بریتییە لە وێنەی ئەو منداڵە، کاتێك قژی بە سەیرترین ڕێگە تاشیوە و تەنانەت ناوەڕاستی قژی رووتە و وەك شەقامێك وایە نێوان دارستان و دار بێ. ئەمەش وەك مۆدەیەکی تایبەت و جوان بە هۆزێك لە وڵاتی نێجیریا هەن و گشت منداڵەکان بەم شێوەیەن!




## کیبۆرد بۆ خواردن

بێگومان دەزانن ئەو کەرەستەیە بریتییە لە کیبۆردی کۆمپیوتەر، لەگەڵ ئەوەی بە جوانییەکی گەورە دروست کراوە، وەك هەر کیپۆردێکی تایبەت و جوان دێتە بەرچاو. ئەوەی سەیر بێ، دەکرێ ئەو کیبۆردە کاری پێبکرێ لە جیاتی ئەوەی بۆ کۆمپیوتەر بەکاربهێنرێ، دەتوانرێت لە ناو گەدەی مرۆڤ جێگەی ببێتەوە، چونکە بریتییە لە شیکۆلاتە بۆ خواردن.



## یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.


ز ر ا ی ل ب ە

ئاسانکاری : وڵاتێکە ! وەڵامی پێشوو : (مۆنالیزا) بوو

## نوکتە

- پیاوێك دەچێتە لای پاقلە فرۆشێك، بەهای (١) هەزار پاقلە دەکڕێ و دەیخوات، لە ناکاو مێشێك دەبینێ لەناو پاقلایەك، کابرا دەڵێ : ئەرێ کاکە ئەوە چییە ئەو پاقلایەت مێشی تێدایە !!

کابرای پاقلە فرۆشیش دەڵێ : تۆ هەزار دینارت داوە و قابیلە مریشکی تێدا بێ !



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

سەرکەوتنێکی بێ وێنە لەچاوەڕوانت دایە لە ڕۆژانی داهاتوودا کە دەبێتە هۆی ئەوەی پلەت بەرزتر بێتەوە، خاوەنی قسەی خۆت بە بۆ ئەوەی متمانەی هاوڕێکانت لەدەست نەدەی.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کاتێك تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوە، هەوڵ بدە ئەو چارەسەرێك بدۆزیتەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکان، لەهەمان کاتیشدا بەرنامەیەك پەیڕەو بکە تاکو بە ئاسانی چارەسەری گرفتەکانت بکەیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانت بەرەو پێشچوونێکی زۆر بەخۆیانەوە دەبینن، ماوەیەکە لەگەڵ هاوڕێیەکت پەیوەندی نێوانتان باش نییە دووبارە پەیوەندیەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەگەر خۆشەویستت نییە ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ دەستنیشانکرنی کەسێك و دروستبوونی پەیوەندییەکی سۆزداری، هەموو شتێك بە ئاسانی وەرمەگرە نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی نەتوانی کۆنترۆلی بکەیت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسێك دەناسی و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانتان دروست دەبێت، هاوڕێیەکت داوای یارمەتیت لێ دەکات، یارمەتی ئەو کەسە بدە لەوانەیە تۆش ڕۆژێك لەڕۆژان پێویستت بەیارمەتی ئەو هەبێت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

چەند ڕاستیەکت بۆ ئاشکرا دەبێت و وات لێ دەکات نهێنیەکانت لای هەموو کەسێك ئاشکرا نەکەی، لەوانەیە پەیوەندی تۆ و هاوڕێیەکت بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی خۆشەویستی.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ستوونی:

١_ پێچەوانەی سارد

٢_ چوار پیت لە (سەروین)

٣_ چوار پیت لە (سکالا)

٤_ خاوەنی وێنەی ژمارە ٥ + پیتێك

٥_ پەیام _ بەڵێن

٦_ چوار پیت لە (مارکۆس) _ خەم بە عەرەبی (پ)

٧_ دیار(ت) + بورجێکە

٨_ مانگێکە _ یاریزانێکی بەڕازیلییە

٩_ ناوێکە(پ) + قوتابی پەروەردە دەکات(پ)

١٠_ بەمانای سەرسورمان بەکاردێت + پیتێك

١١_ وەکو یەکە + نەخێر بە بادینی

١٢_ کۆمپانیەکی دروستکردنی کەلوپەلی وەرزشیە.



## ئاسۆیی:

١_ رۆژنامەیەکی بەناوبانگی فەرەنسیە(ت)

٢_ کارەبا(ت)

٣_ من بە ئینگلیزی(ت)+ بۆچی ئینگلیزی(ت)

٤_ خاوەنی وێنەی ژمارە ١ + پیتێك

٥_ لەوەرزی پایز دەوەرێت_ناوێکە

٦_ چوار پیت لەفەرەنسا_وەکو یەکن

٧_ چوار پیتی کۆتایی (فرۆکە)_ خاوەنی وێنەی ژمارە ٣

٨_ ناوی ئەو وڵاتەی خاوەنی وێنەی ژمارە ٢ تێیدا دەژیت._کەسك(ت)

٩_ رێکخراوێکی جیهانیە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە.

١٠_ باڵندەیەکە+سێ پیت لە نامە.

١١_ سێ پیت لە (دیوار) + نزا

١٢_ خاوەنی وینەی ژمارە ٤

## بۆ زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وشە لە چی پێك دێ یان پێکهاتەکانی وشە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٤+٥+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شلەیەی لەناو پاتری هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (سەوزەیەکە، بۆنی بەهێزە و کاتێك کەرتی دەکەی دەتگریێنێ !)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەوەی بە گرووپە وەرزشییەکان)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( شەقڵاوە ) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئامانجەکانت دەستنیشان بکە پێش ئەوەی دەست بەجێبەجێکرنی هەر کارێك بکەی، ئەمە یارمەتیت ئەدات بەشێوەیەکی ئاسانتر بتوانیت بگەیتە ئامانجەکانت، هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بێ هیوا مەبە کاتێك سەرکەوتوو نابیت، ئامۆژگاری لەکەسانی شارەزا وەربگرە بۆ ئەوەی بە هیوای خۆت شاد بیت، لەبەر ئەمە ناکرێت خۆت نیگەران بکەی کاتێك تووشی شکست دەبیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەستێکی رۆمانسی ژیانی داگیر کردووی کە ناتوانی ئەو هەستە بەکەسی بەرامبەر بڵێی، لێرەدا پێویستت بە یارمەتی کەسی سێیەم هەیە بۆ ئەوەی خەونەکەت بێتە ڕاستی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

باری داراییت باشتر دەبێت و ژیانت گۆرانکاری بەسەردا دێت، وا پێویست دەکات ئاگاداری چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیە بیت، پەلە مەکە و هەندێك پرۆژەی خۆت بۆ هەفتەیەی داهاتوو دوا بخە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەی لەگەڵ نزیکترین هاورێت دا و چەند نهێنیەك لای یەکتر باس دەکەن، هاورێکەت تۆی خۆشدەوێت و رێگا مەدە کەسانی تر پەیوەندی نێوانتان لاواز بکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زۆرجار هەست بەتەنیایی دەکەی و خەم هەڵدەگریت، پێویستت بەوە هەیە کە ئاشنایەتیت لەگەڵ چەند کەسێك هەبێت بۆ ئەوەی لەخەمەکانت کەم بکەنەوە و لەکاتی پێویست دا یارمەتیت بدەن.

hemntoni@yahoo.com



سالی نویتان پیروز بێت